# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## راپۆرتی حەڤدەیەم: کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی مەلزەمە لە ناوەندەکانی خوێندن

**شوباتی** 2019

1/3/2019

| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
| --- | --- |
| | بەشی یەکەم: ناساندن |
| 4 | پێشەکی |
| 5 | کارنامەی یەکە |
| 6 | ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە |
| | بەشی دوەم: راپۆرت |
| 8 | دەستپێک |
| 8 | قەبارەی بەکارهێنانی مەلزەمە لەناوەندەکانی خوێندن |
| 11 | فێرخوازان لەبارەی بەکارهێنانی مەلزەمەوە چی دەڵێن؟ |
| 13 | فێرخوازان تا چەند ناچار دەکرێن مەلزەمە بەکار بهێنن |
| 14 | بەکارهێنانی مەلزەمە بارگرانی دارایی بۆ فێرخوازان دروست کردوە |
| 14 | خێزانی فێرخوازان باس لە بارگرانی دارای دەکەن بەهۆی مەلزەمەوە |
| 15 | ئایا گوێ لە سکاڵای فێرخوازان دەگیرێت لە ناوەندەکان |
| 15 | مامۆستایان فێرخوازان ناچار دەکەن مەلزەمە بەکاربهێنن؟ |
| 16 | کەمی کات هۆکار بوە فێرخوازان پەنا بۆ بە بەکارهێنانی مەلزەمە ببەن |
| 17 | مامۆستایان چاودێری فێرخوازان دەکەن لە بەکارهێنانی مەلزەمە |
| 18 | مامۆستایان تاچەند مەلزەمە بەکار ئەهێنن لە ناوەندەکانی خوێندن |
| 19 | رای مامۆستایەکی زانکۆ چی لە بارەی کاریگەری بەکارهێنانی مەلزەمەوە |
| 20 | رۆڵی بەڕێوبەری ناوەندەکان لە نەهێشتنی مەلزەمە دا |
| 22 | بەڕێوبەری ناوەندەکان چاودێری مامۆستایان دەکەن لە بەکارهێنانی مەلزەمە |

| | |
|---|---|
| خاوەنی چاپەمەنیەکان باس لە خواستی فێرخوازان بۆ کرینی مەلزەمە دەکەن | 22 |
| رۆڵی سەرپەرشتیاران لە نەهێشتنی مەلزەمە لە ناوەندەکانی خوێندن | 23 |
| رۆڵی بەرپرسانی پەروەردە بۆ رێگریکردن لەبەکارهێنانی مەلزەمە | 24 |
| بەشی سێیەم:راسپاردە | |
| راسپاردەکان | 26 |

# بەشی یەکەم: ناساندن

## 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی سای رابردودا یەکەکە (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوەو بۆ ئەمساڵیش درێژە بە راپۆرتەکانی دەدات، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.
2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.
3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.
4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.
5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.
2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.
3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

# 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەرییەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی  پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت

### * دەستپێک

مەلزەمە یەکێکی ترە لە گرفتە دیارەکانی پەروەردە لە هەرێم بە گشتی و گەرمیانیش لەم گرفتە بەدەرنەبوە.

هەرچەندە پەروەردە پرۆگرام و کتێبی تایبەتی بە هەر قۆناغێک داناوە و پێویستە مامۆستا و فێرخواز پێوەی پابەندبن، بەڵام ئەوەی ئێستا لە زۆربەی ناوەندەکان تەرکیزی فێرخوازی بردوە و پشتی پێدەبەستێت کتێب نیە، بەڵکو مەلزەمەیە.

مەلزەمە بریتیە لە پوختەی بابەتێکی دیاریکراوی پرۆگرامەکانی خوێندن کە مامۆستایان ئامادەی دەکەن و لە چەند پەڕەیەکدا چاپ دەکرێت.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە گرنگییدان بە مەلزەمە لەم چەند ساڵەی رابردودا، بوەتە حاڵەت و بگرە دیاردەیەکی بەربڵاو، تا بەوەی گەیشتوە کە فێرخوازان کتێبەکانیان وەلاوە بنێن و مەلزەمەکان بخەنە شوێنیان، ئەم کارەش لە چەندین لایەنەوە کاریگەری بۆسەر پرۆسەی خوێندن و خودی فێرخوازان و خێزانەکانیان و مامۆستایانیش دەبێت.

لەم راپۆرتەدا لایەنە جیاوازەکانی ئەم "دیاردەیە" و لێکەوتە و کاریگەرییەکانی دەخەینەڕو و رای فێرخوازان و مامۆستایان و بەرپرسانی پەروەردەش لەوبارەوە باسدەکەین.

### 1. قەبارەی بەکارهێنانی مەلزەمە لەناوەندەکانی خوێندن

بەپێی راپرسیەکی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان کە لە بەشێک لە ناوەندەکانی سنوری پەروەردەی کەلار و کفری ئەنجامی داوە لە نێوان فێرخوازان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی لە بارەی بەکارهێنانی مەلزەمە لە ناوەندەکانی خوێندن، دەرئەنجامەکانی بەمشێوەیەیە:

## ا. قۆناغی بنەڕەتیەکان:

1. مەلزەمە بەکاردەهێنیت؟




| | |
|---|---|
| بەڵێ | %10.9 |
| نەخێر | %58.6 |
| هەندێکجار | %30.5 |

2. مامۆستایان ناچارتان دەکەن بە بەکارهێنانی مەلزەمە؟




| | |
|---|---|
| بەڵێ | %2.2 |
| نەخێر | %86.9 |
| هەندێکجار | %10.9 |

3. تا چەند بەکارهێنانی مەلزەمە بە پێویست دەزانی؟




| | |
|---|---|
| زۆر | %15.3 |
| بەردەوام | %2.2 |
| کەم | %36.9 |
| بەکاریناهێنم | %45.6 |

4 . کڕینی مەلزەمە بارگرانی لە لایەنی دارایی بۆ دروست کردوە؟

| | |
|---|---|
| بەڵێ | %45.7 |
| نەخێر | %4.3 |
| هەندێکجار | %50 |




**ب . قۆناغی ئامادەییەکان:**

1 . مەلزەمە بەکاردەهێنیت؟

| | |
|---|---|
| بەڵێ | %65.3 |
| نەخێر | %2.8 |
| هەندێکجار | %31.9 |




2 . مامۆستایان ناچارتان دەکەن بەبەکارهێنانی مەلزەمە؟

| | |
|---|---|
| بەڵێ | %9.7 |
| نەخێر | %65.3 |
| هەندێکجار | %25 |



3. تا چەند بەکارهێنانی مەلزەمە بە پێویست دەزانی؟

| | |
|---|---|
| زۆر | %34.8 |
| بەردەوام | %16.7 |
| کەم | %45.8 |
| بەکاریناهێنم | %2.7 |




4. کرینی مەلزەمە بارگرانی لە لایەنی دارایی بۆ دروستکردوی؟

| | |
|---|---|
| بەڵێ | %19.5 |
| نەخێر | %52.8 |
| هەندێکجار | %27.7 |




## 2. فێرخوازان لەبارەی بەکارهێنانی مەلزەمەوە چی دەڵێن؟

لە بارەی بەکارهێنانی مەلزەمە، فێرخوازان بەشێکیان بە پێویستی دەزانن بەکاری بهێنن و بەشێکیشیان بە پێچەوانەوە بە تایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتیەکاندا.

**ا. قۆناغی بنەڕەتیەکان:**

بەشێک لە فێرخوازان پێیانوایە بەکارهێنانی مەلزەمە خراپە و زیانیان پێدەگەیەنێت بۆیە بەکاری ناهێنن، هەروەک باس لەوەشدەکەن کە فێری تەمەڵیان دەکات.

لیزا مەحمود، قوتابی قۆناغی هەشتی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (حەپسەخانی نەقیب)ی بنەڕەتی لە کەلار، دەڵێت: "مەلزەمە بەکارناهێنم، چونکە خراپە و فێرخواز فێری تەمەڵی دەکات وای لێ دەکات کە پشت بە خۆی نەبەستێت".

هەندێک لە فێرخوازان بەکارهێنانی مەلزەمە بە شتێکی خراپ دەبینن، چونکە پێیانوایە ئاستی زانستیان لاوازدەکات.

یاران دیار، قوتابی قۆناغی حەوتی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (شەم)ی بنەڕەتی لە کەلار، باس لەوەدەکات: "مەلزەمە بەکارناهێنم و بە پێویستیشی نازانم، چونکە زیانی هەیە بۆ قوتابی و رێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی کە پشت بە خۆی نەبەستێت و ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، ئەمەش وا دەکات ئاستی زانستی فێرخواز لاواز بکات".

لەگەڵ ئەوەی چەند پشت بە خودی خۆی دەبەستێت، هەندێکجاریش دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی مەلزەمە لە بونی هەڵەیەکدا، ئەمە وتەی یەکێک لە فێرخوازنە.

راڤیار حسێن، قوتابی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (شەم)ی بنەڕەتی لە کەلار ئەوەدەخاتەڕو: "هەندێکجار مەلزەمە بەکارئەهێنم بۆ ئەو بابەتانەی کە ئەرکی ماڵەوەی هەیە، ئەویش وەک بەراوردێک بۆ ئەوەی بزانم هەڵەکەم لە کوێیە، ئەگینا زیاتر پشت بە خۆم و مامۆستاکانم دەبەستم".

هەندێک لە فێرخوازان باس لەوەدەکەن بەکارهێنانی مەلزەمە کاریگەری هەیە لەسەر تاقیکردنەوەکانیان و پێیانوایە هۆکارێکە بۆ کەمی رێژەی دەرچون لە ناوەندەکان.

مەروا حەمید، قوتابی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (حەپسەخانی نەقیب)ی بنەڕەتی لە کەلار، وتی: "بە پێویستی نازانم مەلزەمە بەکاربهێنم و بەکاری ناهێنم، چونکە زیانی هەیە و لە تاقیکردنەوەکان ئەوەی کە دێتەوە لە مەلزەمەکە نیە، ئەمەش وایکردوە رێژەی دەرچون کەم بێت بە تایبەت قۆناغی نۆکان، بۆیە هەر گرفتێکم هەبێت لە بابەتەکان ئەچمەوە لای مامۆستاکانم".

**ب. قۆناغی ئامادەییەکان:**

بەشێک لە فێرخوازان بە نیگەرانیەکی زۆرەوە باس لەوە دەکەن کە ناچارن مەلزەمە بەکاربهێنن، لەبەر ئەوەی ئەو پرسیارانەی کە لە تاقیکردنەوەکانیان دێتەوە جیاوازە لە پرسیاری مامۆستاکانیان.

دیە جەلیل، خوێندکاری یانزەی زانستی لە ئامادەیی (رەوشتی کچان) لە کەلار، بە روخسارێکی بێزارییەوە دەڵێت: "ناچارین کە مەلزەمە بەکارئەهێنین، چونکە مامۆستاکانمان ئەوەمان تێناگەیەنێت کە لە تاقیکردنەوەکان بۆمان ئەهێننەوە، لەو کاتەشدا بە پێویستی ئەزانین بەکاری بهێنین، ئەگەرچی مامۆستاکانمان ئەڵێن بەکاری مەهێنن".

"ناچارین مەلزەمە بەکاربهێنین پێشتر بەکارم نەهێناوە دەرەجەی کەمم هێناوە". سارا سەعید، خوێندکاری یانزەی زانستی لە ئامادەیی (شەهید ئارام) لە کەلار بە روخسارێکی نائومێدییەوە وای وت.

وتیشی: باشترە مەلزەمە هەڵبگیرێت لە ناوەندەکان، بەکارهێنانی مەلزەمە وایکردوە کە زۆرجار خوێندکار گوێ لە مامۆستا ناگرێت.

فێرخوازێک باس لەوە دەکات ئەگەر مامۆستایان هەمو بابەتاکانیان بۆ رونبکەنەوە ئەوە ناچار بە بەکاهێنانی مەلزەمە نابن.

زەینەب عوسمان، خوێندکاری یانزەی وێژەی لە ئامادەیی (رەوشتی کچان) لە کەلار جەختیکردەوە: "مەلزەمە زۆر بەکارئەهێنم، لەبەر ئەوەی هەندێک پرسیار هەیە لەناو کتێبەکە وەڵامەکەی بەس لەناو کتێبی مامۆستایانە، بۆیە مامۆستایانیش شیکاری ناکەن بینوسینەوە ناچارین کە مەلزەمەکە بکڕین و بەکاری بهێنین.

## 3. فێرخوازان تا چەند ناچار دەکرێن مەلزەمە بەکار بهێنن

بەشێک لە فێرخوازان باس لەوە دەکەن هەندێک لە مامۆستایان ناچاری بەکارهێنانی مەلزەمەی کردون و دەبێت هی خۆشیان بێت، ئەگەر وانەبێت روبەڕوی گرفت دەبنەوە.

کازم وەلید نامیق، خوێندکاری دوانزەی زانستی لە ئامادەیی (شەهید ئارام) لە کەلار، دەڵێت: "بە مامۆستا کەوتوە کە تا چەند ناچارمان دەکەن مەلزەمە بەکاربهێنین، هەندێکیان ناچاریان کردوین مەلزەمە بەکاربهێنینن و ئەبێت هی خۆشی بێت، ئەگەر وانەبێت ئەڵێت بەشێوەیەک وانەکە شەرح دەکەم کە هیچ لێی نەگەن و پرسیاری گرانیش دائەنێم، بۆیە ناچارین بەکاری بهێنین و هەندێکیشیان بە پێچەوانەن".

هەندێک لە فێرخوازان باس لەوە دەکەن کە مامۆستا ناچاری نەکردون مەلزەمە بەکاربهێنن.

یاران دیار، قوتابی قۆناغی حەوتی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (شەم)ی بنەڕەتی لە کەلار، ئەوەدەخاتەڕو: "مامۆستا ناچاری نەکردوین مەلزەمە بەکاربهێنین، چونکە بابەتەکەی وەک پێویست رونکردوەتەوە و تێی گەیاندوین، مەگەر هەندێک فێرخواز خۆی گوێ بۆ مامۆستا نەگرێت و بەکاری بهێنێت".

لە هەمان کاتدا، شێنێ کامل عەزیز، فێرخوازی ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، دەڵێت: "مامۆستایان کە مەلزەمەکەیان دروست کردوە بەرای گشتی فێرخواز بوە، نەک بە ناچاری و ناچارکردنی فێرخواز بەکاری بهێنێت".

## 4. بەکارهێنانی مەلزەمە بارگرانی دارایی بۆ فێرخوازان دروست کردوە

بەکارهێنانی مەلزەمە لە ناوەندەکان نەک ئاستی زانستی فێرخوازانی لاوازکردوە، بەڵکو بارگرانی دارایشی بۆ دروست کردون و بوە بە بازرگانی کردن.

زەینەب عوسمان، خوێندکاری یانزەی وێژەی لە ئامادەیی (رەوشتی کچان) لە کەلار، دەڵێت: "بەکارهێنانی مەلزەمە بارگرانی دارایی زۆری بۆ فێرخواز دروست کردوە بە تایبەت بۆ منالّی ئەو خێزانانەی کە هەژارن و ناچاریشن کە بیکڕن".

فێرخوازان هۆکاری بەکارهێنانی مەلزەمە بۆ مامۆستایان دەگەڕێننەوە، چونکە وانەکانیان وەک پێویست بۆ شیکار ناکەن، ئەمەش وایکردوە بارگرانی داراییان بۆ دروست بکات.

سارا سەعید، خوێندکاری یانزەی زانستی لە ئامادەیی (شەهید ئارام) لەکەلار، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات: "بەکارهێنانی مەلزەمە بارگرانی دارایی بۆ زۆر خوێندکار دروست کردوە، هۆکاری ئەمەش مامۆستایانن کە بابەتەکان بە باشی ناگەیەنن بە فێرخواز ئەویش ناچار ئەبێت مەلزەمە بەکاربهێنێت، لەگەڵ ئەوەش ئەبێت دەورەش بکاتەوە".

شێنێ کامل عەزیز، خوێندکاری ئامادەیی(سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، هەمان رای هەیە کە راستە بەکارهێنانی مەلزەمە بارگرانی دارایی بۆ دروست کردون.

## 5. خێزانی فێرخوازان باس لە بارگرانی دارای دەکەن بەهۆی مەلزەمەوە

شوکرییە حەمە سالّح عەلی، دایکی خوێندکارە لە شاری کەلار، سەبارەت بە کڕینی مەلزەمە بۆ منالّەکانی و دروست بونی بارگرانی دارایی بۆیان، وتی:"کڕینی مەلزەمە بوە بە بارگرانی بۆ زۆرێک لە خێزانەکان هەر بەو هۆیەشەوە مامۆستاکانیان هەقی تەواو بە بابەتەکان نادەن، بۆیە منالّەکانم ناچارن مەلزەمە بکڕنەوە، یەکێک لە منالّەکان پۆلی دوانزەیە بۆ پێنچ بابەتی مەلزەمە بەکارئەهێنێت، ئەمەش بەدەر لە کردنەوەی خولی تایبەت بۆی".

وتیشی: هەروەها منالّێکی دیکەشم پۆلی هەشتی بنەڕەتیە و مامۆستاکەی بەزۆر ناچاری کردوە مەلزەمە بکڕێت بە بیانوی ئەوەی فریای وتنەوەی کتێبەکە ناکەوێت، لە کاتێکدا خێزانەکان خەرجیەکی زۆر لە کڕینی جلوبەرگ و پەڕاوگەدا خەرج دەکەن، بۆیە کڕینی مەلزەمە دوهێندەی تر بوەتە بارگرانی دارایی بۆ خێزانەکان.

نەسرین رەشید عەلی، دایکی یەکێکی ترە لە خوێندکارەکانی شاری کەلار، هەمان رای هەیە سەبارەت بە بارگرانی دارایی بەهۆی کڕینی مەلزەمە بۆ منداڵەکانی و دەڵێت: "خاوەنی 6 خوێندکارم لە زانکۆ هەتا ئامادەیی، بەردەوام خەریکی کڕینی مەلزەمەم بۆیان بە تایبەت ئەوەی پۆلی (12) و ئەوەی زانکۆم، ئەمەش بارگرانی دارایی بۆ دروست کردوین، تەنانە بۆ دابینکردنی بڕی پارەی پێویست بۆ کڕینی مەلزەمە لە پێداویستیەکانی ماڵ ئەگرمەوە، بۆیە داواکارم لە لایەنی پەروەردە هەوڵ بدەن سیستەمی خوێندن چاک بکەن و مامۆستایانیش بە باشی وانەکانیان بڵێنەوە.

## 6. ئایا گوێ لە سکاڵای فێرخوازان دەگیرێت لە ناوەندەکان

هەندێک لە فێرخوازان باس لەوەدەکەن کە ناتوانن سکاڵای خۆیان بکەن و داوای مافی خۆیان بکەن لەبەرامبەر بونی هەر گرفتێک، چونکە وەک خۆیان دەڵێن ئەو ئازادییەیان پێنەدراوە و روبەروی بەربەرەکانێ دەبنەوە لەلایەن مامۆستاکانیانەوە، بۆیە بەکارهێنانی مەلزەمە بە رێگە چارە دەزانن.

کازم وەلید نامیق، خوێندکاری دوانزەی زانستی لە ئامادەیی (شەهید ئارام) لە کەلار، دەڵێت: "ناتوانین سکاڵا بکەین و ئەو ئازادیەمان پێنەدراوە کە داوای مافی خۆمان بکەین، تەنها جارێک گلەیمان لە مامۆستایەکمان هەبو، کەچی لەسەر ئەوە شەڕ دروست بو لە نێوان مامۆستایان و هەموی شکایەوە بەسەر پۆلەکەی ئێمە، بۆیە دوژمنایەتی دروست ئەبێت لە نێوان مامۆستا و فێرخواز".

وتیشی: تەنانەت ترسیان خستوەتە بەرمان کە ئەگەر سکاڵا بکەین ئەوا پرسیاری قورسمان بۆ دائەنێن بۆ ئەوەی پەنا نەبەینە بەر سکاڵا، ئەمەش وایکردوە بە ناچاری مەلزەمە بەکاربهێنین.

## 7. مامۆستایان فێرخوازان ناچار دەکەن مەلزەمە بەکاربهێنن؟

لەبەرامبەر ئەو وتانەی کە فێرخوازان باس لەوە دەکەن کە مامۆستایان ناچاری بەکارهێنانی مەلزەمەیان دەکەن مامۆستایان ئەوە رەت دەکەنەوە و دەڵێن: هیچ کات نەبوە فێرخوازان ناچار بە بەکارهێنانی مەلزەمە بکەین.

شێرکۆ عوسمان حەسەن، مامۆستای کیمیا لە ئامادەیی (شەهید ئارام) لە کەلار، دەڵێت: "لە بەکارهێنانی مەلزەمە هیچ کات نەبوە خوێندکار ناچار بکەم بەکاری بهێنن، بەڵکو لەسەر ویستی خۆیان بەکاری ئەهێنن، هەروەها ئەوەشی هەیە لە مەلزەمەکە هەمان شتی کتێبەکەیە، بەڵام بە کورت کراوەیی".

هەندێک لە مامۆستایان دەڵێن بە جۆرێک بابەتەکەیان بە فێرخواز دەگەیەنین بواریان بۆ ناهێڵینەوە پەنا بەرنەبەر مەلزەمە، بەڵام بەکارهێنانی لەماڵەوە لێی بەرپرس نین.

رێبوار کەریم مەحمود، مامۆستای زانستەکان لە قوتابخانەی (نەوەی نوێ) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "هیچ کات فێرخوازم ناچار نەکردوە مەلزەمە بەکاربهێنێت، ئەسڵەن هیچی وایان بۆ ناهێڵمەوە کە پەنا ببەنەبەر مەلزەمە، بەڵام ئەگەر لە ماڵەوە بەکاری بهێنێت ئەوە ئێمە لێی بەرپرس نین".

بەشێک لە مامۆستایان دەڵێن کە خۆمان مەلزەمە بەکارنەهێنین چۆن رێگە دەدەین خوێندکار بەکاری بهێنێت؟

دانا حەسەن سەعید، مامۆستای کوردی لە ئامادەیی (هاوکاری) لە کەلار، وتی: "کە خۆم مەلزەمە بەکار نەهێنم ئیتر چۆن فێرخواز ناچار ئەکەم بەکاری بهێنن، ئەسڵەن لە وانەکەی من قەدەغەیە ناوی مەلزەمە بهێنرێت و بەکاربهێنرێت، بۆ دەرەوەی ناوەندیش بە باشی نازانم".

مامۆستایەک باس لەوەدەکات لەبەرامبەر بەکارهێنانی مەلزەمە لەلایەن فێرخوازان نەک ناچاریان ناکەن بەکاری بهێنن، بەڵکو رێنماییان دەکەم بەکاری نەهێنن.

مەردان حەمید مەجید، پسپۆری کوردی لە ئامادەی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، رونیکردەوە: "هیچ کات نەبوە خوێندکاران ناچار بکەم مەلزەمە بەکاربهێنن، بەڵکو رێنمایم کردون کە بەکاری نەهێنن، چونکە بەهۆی زۆری مەلزەمە بابەتەکان تێکەڵ دەکەن".

## 8. کەمی کات هۆکار بوە فێرخوازان پەنا بۆ بە بەکارهێنانی مەلزەمە ببەن

زۆرجار کەمی کات و زۆری پرۆگرام بە هۆکاری بەکارهێنانی مەلزەمە دەزانرێت، دەڵێن فێرخواز ناتوانێت بنوسێت و گوێبگرێت، بۆیە پێویستیان بە مەلزەمە دەبێت.

شێرکۆ عوسمان حەسەن، مامۆستای کیمیا لە ئامادەیی (شەهید ئارام) لە کەلار، وتی: "هۆکاری بەکارهێنانی مەلزەمە زۆری مەنهەج و کەمی کاتە، چونکە فێرخواز ناتوانێت هەم بنوسێت هەمیش گوێ بگرێت بەتایبەت لە قۆناغی (12)، بۆیە مەلزەمە کورت کراوەی کتێبەکەیە و فێرخوازش ئەوەی دەوێت".

هەندێک لە مامۆستایان باس لەوەدەکەن پرۆگرامی خوێندن بێ کێشەیە ئەوەیە گرفتە ئەوەیە کە کات کەمە و لەگەڵ ئەو پرۆگرامە ناگونجێت.

رێبوار کەریم مەحمود، مامۆستای زانستەکان لە قوتابخانەی (نەوەی نوێ) لە ناحیەی رزگاری، باس لەوەدەکات: "مەنهەجەکە زۆرباشە و زۆر بەجوانی دانراوە، ئەوەی هەیە کات کەمە وەک پێویست نیە و لەگەڵ ئەو پرۆگرامە ناگونجێت، ئەگینا هیچ پێویستی بە مەلزەمە نیە".

بەڵام بەپێچەوانەوە مامۆستایەک رای وایە ئەگەر مامۆستایان کەمێک خۆیان ماندو بکەن ئەوە نە کات کەمە نە مەنهەجیش زۆرە.

دانا حەسەن سەعید، مامۆستای کوردی لە ئامادەیی (هاوکاری) لە کەلار، جەخت لەوەدەکاتەوە: "هیچ کات ماف بە مامۆستا نادەم کە ئەڵێن کات کەمە و مەنهەج زۆرە بۆیە مەلزەمە بەکار ئەهێنرێت، بۆ من بۆچی کەم نیە و مەلزەمەش بەکارناهێنم، ئەگەر مامۆستا تۆزێک خۆی هیلاک بکات نە کات کەمە نە پێویستیشی بە مەلزەمە دەبێت".

## 9. مامۆستایان چاودێری فێرخوازان دەکەن لە بەکارهێنانی مەلزەمە

لە ناوەندەکان بەکارهێنانی مەلزەمەیان قەدەغە کراوە و چاودێری فێرخوازان دەکەن کە بەکاری نەهێنن، ئەگەریش بەکاری بهێنن رێنماییان دەکەن کە بەکاری نەهێنن.

جوتیار کەریم ساڵح، مامۆستای ئینگلیزی لە قوتابخانەی (زانیاری) بنەڕەتی لە ناحیەی پێباز، ئەوەدەخاتەڕو: "ئەگەر قوتابی مەلزەمە بەکاربهێنێت ئاگادارم کردوەتەوە لە وانەی من بۆی نیە بەکاری بهێنێت و بیهێنێتە پۆلەوە، بەڵام لە ماڵی خۆی ئازادە من ناتوانم چاودێری بکەم، لەگەڵ ئەوەش رێنمایم بە هەمویان داوە کە هەڵە بکەن زۆر باشترە لەوەی کە مەلزەمە بەکاربهێنن".

بەڕێوبەرێک باس لەوەدەکات مامۆستاکانم لێپێچینەوە لەگەڵ فێرخوازان دەکەن لە بەکارهێنانی مەلزەمە لە ناوەندەکەیان.

عومەر محەمەد، بەڕێوبەری ئامادەیی (گۆران) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "مامۆستاکانم نەک هەوڵی ئەوە بدەن کە فێرخواز مەلزەمە بەکاربهێنن، بەڵکو لێپێچینەوەی لەگەڵ کردون و تەنانەت بانگهێشتی لای خۆشمی کردوە، لەگەڵ ئەوەش هەر بەکاری دەهێنن".

## 10. مامۆستایان تاچەند مەلزەمە بەکار دەهێنن لە ناوەندەکانی خوێندن

سەرەڕای ئەوەی مەلزەمە بە زۆری لە لایەن فێرخوازانەوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام مامۆستایان رەتی ئەوە دەکەنەوە نە خۆیان بەکاریبهێنن نە هانی فێرخوازەکانیان بدەن بە کاریبهێنن.

عومەر عەبدولکەریم، مامۆستا لە قوتابخانەی (مەتین)ی بنەڕەتی لە کەلار، دەڵێت: "مەلزەمە بەکارناهێنم و پشت بە کتێبەکە دەبەستم، لە قۆناغی بنەڕەتیش بەکارهێنانی مەلزەمە زۆر دەگمەنە و حاڵەتە، بەڵکو لە قۆناغی ئامادەیی زۆر بەکاردێت".

وتیشی: بەکارهێنانی مەلزەمە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر ئاستی زانستی و لێهاتوی قوتابی.

هەندێک لە مامۆستایان لەسەر داوای فێرخوازان مەلزەمەیان دروست کردوە و بەکاری دەهێنن، هۆکارەکەشی ئەوەیە فێرخواز بەس نمرەی دەوێت نەک زانست.

شێرکۆ عوسمان حەسەن، مامۆستای کیمیا لە ئامادەیی (شەهید ئارام) لە کەلار، دەڵێت: "مەلزەمە بەکار ناهێنم لە پۆلدا و لەسەر کتێب دەخوێنین، بەڵام لەسەر داوای خوێندکاران خۆیان کتێبەکەم بۆیان کورت کردوەتەوە بە نمونەی زیاترەوە بۆم کردون بە مەلزەمەیەک، لەگەڵ ئەوەش ئەمەم بۆ بازرگانی کردن نەکردوە، بەڵکو بۆ سودی فێرخواز بوە".

وتیشی: لە قۆناغی (10 و 11) لە دەفتەر بۆم نوسیونەتەوە، بەڵام لە قۆناغی (12) بەهۆی زۆری مەنهەجەکە بەو شێوەم لێکردوە بۆیان، دواتر فێرخواز مەلزەمە بۆ نمرە بەکار ئەهێنێت نەک بۆ فێربون.

لەبەرامبەردا مامۆستایەک باس لەوەدەکات لە بەکارهێنانی مەلزەمە مامۆستایان سودمەندی مادی دەبن و فێرخوازانیش زەرەرمەندی زانستی دەبن.

دانا حەسەن سەعید، مامۆستا لە ئامادەیی (هاوکاری) لە کەلار رونیدەکاتەوە: "لە 80% مامۆستایانی ئامادەیی مەلزەمە بەکارئەهێنن، لێرەدا مامۆستایان سودمەندی یەکەمن و شەریکن لە فرۆشتنی مەلزەمەکان".

بەکارهێنانی مەلزەمە هێندە داخوازی لەسەرە نەک لەلایەن فێرخوازان، بەڵکو لەلایەن مامۆستایانیشەوە بەکار ئەهێنرێت.

قەیس عومەر ئیسماعیل، مامۆستای زیندەوەرزانی لە ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی ڕزگاری، دەڵێت: "مەلزەمە بەکار ناهێنم و لەسەر کتێب ئەڕۆین هەر تێبینیەک هەبێت پێیان ئەنوسمەوە، بەڵام هەر مامۆستایەک و ئەیەوێت کتێبەکەی کورت بکاتەوە و بە ئاسانترین ڕێگە بابەتەکە بە خوێندکاران بگەیەنێت".

وتیشی: مامۆستای وا ئەناسم مەلزەمەی دروست نەکردوە و لەسەر مەلزەمەش وانە ئەڵێتەوە، ئەمەش زیانی بۆ فێرخواز هەیە، چونکە دەرگای گفتوگۆکردن دا ئەخات لە پۆلدا لەبەر ئەوەی حازرە هەموی.

"مەلزەمە بەکارناهێنم و ئەوەی هەبێت گرنگەکان لەسەر کتێب بۆیان دیاری دەکەم و پرسیارەکانی ساڵانەیان بۆ شیکار ئەکەم وەک لە بەکارهێنانی مەلزەمە". ئاکۆ حەمید قادر، مامۆستای جوگرافیا لە ئامادەیی (پێباز) لە ناحیەی باوەنور، وای وت.

مامۆستایەک هۆکاری بەکارهێنانی مەلزەمە لەلایەن فێرخوازانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کەوا پرۆگرامەکان زۆرن و ئاستی گەیاندنی بەشێک لە مامۆستایانیش وەک پێویست نیە.

مەردان حەمید مەجید، پسپۆری کوردی لە ئامادەی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، ئاماژەبەوەدەکات: "مەلزەمە بەکارناهێنم و لەسەر کتێب دەڕۆم، بەڵام خۆم لەبەردەستمە بابەتەکان بۆ خوێندکارەکانی خۆم بکەم بە مەلزەمەیەک و خۆشم بۆیان چاپ بکەم نەک کڕین و فرۆشتنی پێوەبکەم، بۆ ئەوەی پەنا نەبەنە بەر مەلزەمەی دیکە".

وتیشی: هۆکاری بەکارهێنانی مەلزەمە لەلایەن فێرخواز ئەوەیە پرۆگرامەکە زۆرە لەگەڵ ئەوەی هەندێک مامۆستاش هەیە تواناى گەیاندنی باش نیە، بۆیە بەکاری دەهێنن، دواتر هەمو فێرخوازیەکیش مەلزەمەی پێیە لە ناوەندەکان.

## 11. ڕای مامۆستایەکی زانکۆ لە بارەی کاریگەری بەکارهێنانی مەلزەمەوە

مەلزەمە نەک لە ناوەندەکانی خوێندن بەکاردەهێنرێت، بەڵکو لە زانکۆکانیش بەکار دەهێنرێت، مامۆستایەکی زانکۆش باس لەوە دەکات بەکارهێنانی مەلزەمە هیچ باشیەکی نیە، بەڵکو خوێندکارانی کۆت و بەند کردوە.

د.دارا حەمید، مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، سەبارەت بە بەکارهێنانی مەلزەمە، دەڵێت: "بەکارهێنانی مەلزەمە چ لە ناوەندەکانی خوێندن بێت چ لە زانکۆ بێت هیچ باشیەکی نیە، بەڵکو زۆریش خراپە، بوە بە دیاردەش".

وتیشی: بە پێی گۆڕینی وەزارەتەکان دەگۆڕێت، لە پێش ساڵی 2010 بڕیارێکی فەرمی هات لە زانکۆ بەهەمو جۆرێک بەکارهێنانی مەلزەمە قەدەغە کرا لە زانکۆ، بەڵام دوابەدوای ئەوە کە وەزارەت گۆڕا دیسان پەرەی بە بەکارهێنانی مەلزەمە دایەوە، ناوەکەشی هەر بەخۆیەتی ئەمە ناچار کردنە کە فێرخواز پەنای بۆ ئەبات".

وتیشی: بونی مەلزەمە لە ناوەندەکان و بەتایبەت قۆناغی ئامادەیی هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە ئەو مەلزەمەیە هەمان ئەو پرۆگرام و وانەیە کە مامۆستاکەی ئەیڵێتەوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە وانەکان وەک پێوست ناوترێتەوە بۆیە فێرخواز پەنای بۆ ئەبات.

ئەو مامۆستایە داواش دەکات بەرپرسانی پەروەردە بە دوای هۆکارەکەی بگەڕێن کە چی وایکردوە فێرخوازان پەنا بەرنە بەر بەکارهێنانی.

ئەماژەی بەوەشکردوە: بەکارهێنانی مەلزەمە بۆ خۆی بەڵگەی شکستە بۆ ئەو ناوەندە چ زانکۆ بێت چ ناوەندەکانی خوێندن بێت.

لەبارەی ئەوەی مەلزەمە کاریگەری زانستی هەبێت لەسەر خوێندکار بۆ زانکۆ، ئەو مامۆستایە رای وایە "لە کاتێکدا لە زانکۆ ئەبێت ئاسۆی فکری خوێندکار زیاتر بکرێت و وای لێبکرێت کە خۆی بەشێک لە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، بەڵام بەکارهێنانی مەلزەمە خوێندکاری کۆت و بەند کردوە".

## 12. ڕۆڵی بەڕێوبەری ناوەندەکان لە نەهێشتنی مەلزەمە دا

بەپێی ئەو بەدواداچونانەی یەکەی چاودێری حکومەتی خوجێی گەرمیان ئەنجامی داوە لە ناوەندەکانی خوێندن، بەکارهێنانی مەلزەمە لە قۆناغی ئامادەییەکان زیاترە وەک لە بنەڕەتیەکان، ئەگەر هەوڵێکیش هەبێت بۆ بنبڕکردنی سەرکەوتو نابن، چونکە چاودێری لەسەر شوێنی فرۆشتنیان نیە.

لە قۆناغی بنەڕەتیەکان بەپێی بەدواداچونەکان بەکارهێنانی مەلزەمە حاڵەتە، زۆرتر لە ماڵەوە قوتابیان بەکاری دەهێنن.

مەحمود ساڵح قادر، بەرێوبەری قوتابخانەی (ئاسۆ)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "لە ناوەندەکەمان بەکارهێنانی مەلزەمەم قەدەغە کردوە و رێگە نادەم نە مامۆستا نە قوتابی بەکاری بهێنێت، مامۆستایانیش هیچ کات داوایان لە فێرخوازان نەکردوە کە بەکاری بهێنن و لە رێگەی پەروەردەوە ئاگادار کراوینەتەوە بەکاری نەهێنین.

بەڕێوبەرێک فێرخوازان تاوانبار ناکات بەوەی کە مەلزەمە بەکارئەهێنن، بەڵکو باس لەوەدەکات چاودێری لەسەر شوێنی فرۆشتنایان نیە بۆیە بەوشێوەیە تەشەنەی سەندوە.

بەمۆ حسێن محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (شەم)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، ئەوە دەخاتەڕو: "بەهیچ شێوەیەک رێگەم نەداوە نە مامۆستایان نەقوتابیان مەلزەمە بەکاربهێنن لە ناوەندەکەمان، لە هەمو کۆبونەوەیەکیش جەختم لەوە کردوەتەوە کە نابێت مامۆستایان وابکەن و داوا بکەن قوتابیان مەلزەمە بەکاربهێنن".

وتیشی: ئەوەی گرفتە چاپەمەنیەکانە کە هیچ چاودێرییەک لەسەریان نیە و فرۆشگایەکیان کردوەتەوە بە ویستی خۆیان کرین و فرۆشتن دەکەن.

بەکارهێنانی مەلزەمە لەلایەن فێرخوازانەوە تەشەنەی سەندوە ئەوەشی کە بەکاری ئەهێنێت مامۆستایان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن بۆ ئەوەی بەکاری نەهێننەوە.

غازی عەلی محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (حەپسەخانی نەقیب)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، دەڵێت: "بەهیچ شێوەیەک رێگەم نەداوە مامۆستایان مەلزەمە بەکاربهێنن چ جا قوتابی".

بەڕێوبەرانی ناوەندەکان باس لەوەدەکەن هەرچەند هەوڵ دەدەن مەلزەمە بەکار نەهێنرێت لەلایەن فێرخوازانەوە، بێسودە، چونکە هەرچەند لە ناوەندەکان بەکارهێنانی قەدەغە کراوە، بەڵام لەماڵەوە بەکاری دەهێنن.

عومەر محەمەد، بەڕێوبەری ئامادەیی (گۆران) لە قەزای کەلار، باسلەوەدەکات: "ئەوەی لە توانام هەبوە کردومانە بۆ ئەوەی فێرخواز مەلزەمە بەکار نەهێنێت، بەڵام هەر بەکاری دەهێنێت، هەروەها مامۆستا خۆی وانەکە لەسەر کتێب ئەخوێنێت ئەوەشی کە کردویەتی هەوڵی داوە مەلزەمەیەکی دروست کردوە بۆ فێرخوازکان بۆ ئەوەی کتێبەکە کورت بکاتەوە و هەر لە ناوەندەکەی خۆشمان لەبەری ئەگرینەوە و نەمان هێشتوە بڕواتە دەرەوە.

بەڕێوبەرێک هۆکاری بەکارهێنانی مەلزەمە لەلایەن فێرخوازانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە بە ئاسانی دەستیان دەگات بە شتەکان و بەدوای ناگەڕێن.

حەمید رەشید ئیسماعیل، بەڕێوبەری ئامادەیی (سەردەم) لە قەزای کەلار، وتی: "بەپێی رێنمای وەزارەت بەکارهێنانی مەلزەمە قەدەغەیە لە ناوەندەکان، لەگەڵ ئەوەش خوێندکار هەر بەکاری ئەهێنێت لەبەر ئەوەی کورت و پوختە و حازرە، بۆیە پەنای بۆ ئەبەن ئەگینا نەبوە مامۆستایەکمان ناچاریان بکەن بەکاری بهێنن".

بەڕێوبەرێکی تر رای وایە بۆ نەهێشتنی مەلزەمە پێویستە وەزارەت کاری جدی بکات.

کاوە ئیبراهیم عەلی، بەڕێوبەری ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری، دەڵێت: "ئێمە ڕێگە نادەین مەلزەمە بەکاربهێنرێت، بەڵام ئەوەی کێشەیە خوێندکار دەورەی تایبەتی کردوەتەوە و مامۆستاکەش مەلزەمەیەکی پێداوە و لەسەری ئەڕوات ئەمەش شتێکی شاراوە نیە، دواتر ئەبێت ئەمە لە وەزارەتەوە بەجدی کاری لەسەر بکرێت کە فەرمانێک دەربکەن هەر نەهێڵدرێت نەک تەنها لە ناوەندەکان قەدەغە بکرێت، لەبەرامبەردا زیاتر گرنگی بە مەنهەجەکە بدرێت".

## 13. بەڕێوبەری ناوەندەکان چاودێری مامۆستایان دەکەن لە بەکارهێنانی مەلزەمە

بەڕێوبەران باس لەوەدەکەن بە بەردەوامی چاودێری مامۆستایان و فێرخوازان دەکەن کە تاچەند مەلزەمە بەکاردەهێنن لە ناوەندەکانی خوێندن، مامۆستایان فێرخوازان ناچار نەکەن کە مەلزەمە بەکاربهێنن.

بەمۆ حسێن محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (شەم)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار، دەڵێت: "هەفتانە چاودێری مامۆستایان دەکەم ئاخۆ مەلزەمە بەکاردەهێنن یان نا، تەنانەت لەگەڵ توێژەرەکەش ڕێنمای دەدەین بە فێرخوازان کە نابێت مەلزەمە بەکاربهێنن، چونکە زیانی هەیە بۆیان، لەگەڵ ئەوەش قوتابی لەماڵەوە بەکاری بهێنێت ئێمە لێی بەرپرسیار نین".

"بەدواداچونی بەردەوامم هەیە بەسەر مامۆستایانەوە کە بەهیچ شێوەیەک نابێت قوتابی ناچار بکەن مەلزەمە بەکاربهێنن، ئەگەر پابەندنەبێت ئەوە ڕێگەی دیکە دەگرمەبەر و بەرپرسانی پەروەردەی لێ ئاگادار ئەکەمەوە کە سزاکەی چیە". نەجیب عومەر محەمەد، بەڕێوبەری ئامادەیی (بەمۆ) لە ناحیەی رزگاری، وادەڵێت.

بەهەمان شێوە، عومەر محەمەد، بەڕێوبەری ئامادەیی (گۆران) لە قەزای کەلار، باس لەوەدەکات: "ئەگەر چی شتی وا نیە لە ناوەندەکەی ئێمە، بەڵام هەر چاودێری مامۆستایان دەکەین کە لەسەر مەلزەمە وانە بە قوتابیان نەڵێنەوە و ناچاریان نەکەن بەکاری بهێنن".

## 14. خاوەنی چاپەمەنیەکان باس لە خواستی فێرخوازان بۆ کڕینی مەلزەمە دەکەن

بەپێی ئەو بە دواداچونەی یەکەی چاودێری حکومەتی خوجێی گەرمیان ئەنجامی داوە لە چاپەمەنیەکانی کەلار، خواستی زۆر لەسەر بەکارهێنان و کڕینی مەلزەمە هەیە لەلایەن فێرخوازانەوە.

دیار محەمەد، خاوەنی چاپەمەنی رایەڵ لە کەلار، دەڵێت: "خواستی فێرخواز زۆر زۆرە لەسەر مەلزەمە و کڕیاری بەردەوامن، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کورت کراوەی بابەتەکانیانە و هەموی شیکار کراوە بۆیان، هەروەها ئەو مەلزەمانەشی کە هەن تەنها لەلایەن مامۆستایانی گەرمیان نیە، بەڵکو سلێمانیشی تیایە، تەنانەت هەشە لە دەروەی هەرێم چاپ کراوە و هێنراوەتەوە کوردستان بەتایبەت ئەوانەی کە خواستی زیاتری لەسەرە".

وتیشی: نرخی ئەو مەلزەمانەی کە هەن لە (250) دینارەوە دەستپێدەکات بۆ (7000) دینار، ئەمەش سودێکی ئەوتۆی تیا نیە بۆ مامۆستایان بە دەگمەن نەبێت کە هەیە و داوای برە پارەیەکی کردوە لەبەرامبەر فرۆشتنیان.

دەشڵێت: کریاری مەلزەمە زیاتر لە قۆناغی ئامادەییەکانە وەک لە بنەڕەتیەکان، بەتایبەتیش بابەتە زانستیەکانە وەک لە وێژەییەکان.

## 15. رۆڵی سەرپەرشتیاران لە نەهێشتنی مەلزەمە لە ناوەندەکانی خوێندن

سەرپەرشتیاران باس لەوەدەکەن ئەمان ناتوانن رێگری لە بەکارهێنانی مەلزەمە بکەن لە ناوەندەکانی خوێندن و ئەوەی دەیکەن تەنها پێدانی رێنماییە، چونکە پێویستی بە کاری جدی هەیە بۆ بنەبڕکردن و نەهێشتنی مەلزەمە ئەمەش بە رێکخستنەوەی بە پێي یاسا دەبێت.

ئاسۆ ئەسکەندەر عەلی، سەرپەرشتیاری پەروەردەی ئینگلیزی لە قۆناغی بنەڕەتی لە کەلار، دەڵێت: "لە پێشتردا فەرمانێکی وزاری هەبو بۆ قەدەغەکردنی ئەمەش رەنگە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەکارهێنانی مەلزەمەی قەدەغە کردبێت، بەڵام گرفتەکە دەرەوەی ناوەندەکانە کە بە ئاسانی قوتابی دەستی پێدەگات و لە چاپەمەنیەکان دەیکرێت و بوە بە دیاردە، لەگەڵ ئەوەش کتێبی مامۆستا چاپ ئەکەن و ئەیفرۆشنەوە، ئەمەش لە رێگەی ئینتەرنێتەوە داونلۆد ئەکرێت بە فێرخوازم گرتوە و مۆری چاپەمەنیەکەشی پێوەیە".

وتیشی: "مامۆستای وا هەیە لە رێگەی ئەکاونتی خۆیەوە بە شانازییەوە بڵاوی کردوەتەوە کە دەڵێت مەلزەمەی وەرزی یەکەمی دروست کردوە و چاوەڕوانی وەرزی دوەم بن، بێ ئاگا لەوەی کە ئەمە زیان بە قوتابی دەگەیەنێت و هزر و توانای بیرکردنەوە و نوسینی ئەکوژێت".

سەرپەرشتیارێکی تر پشتگیری مامۆستایان دەکات بۆ بەکارهێنانی مەلزەمە لە ناوەندەکان، ئەوەدەکاتە بیانو کە پرۆگرامی خوێندن زۆرە و پێویستە دەستکاری بکرێت.

سەلام شوکر سەمین، سەرپەرشتیاری پسپۆری بیرکاری لە قۆناغی ئامادەییەکان لە پەروەردەی گەرمیان، جەخت لەوەدەکاتەوە: "هەندێکجار لەگەڵ مامۆستایانم کە بەکاری ئەهێنن، لەبەر ئەوەی پرۆگرامەکە زۆرە و بە (120) بەشە وانە مەنهەجێکی وەک بیرکاری تەواو ناکرێت، بۆیە پێویستە ئەمە لەسەرەوە دەستکاری بکرێت".

وتیشی: ئەگەرچی (4) ساڵ پێش ئێستا لەڕێگەی ئیدارەی شارەوە بڕێکی زۆر مەلزەمە سوتێنرا، بەڵام ئەم چەن ساڵەی بایکۆت هۆکاری سەرەکی تەشەنەسەندنی مەلزەمە بو بەهۆی کەمی کات بەتایبەت قۆناغی زانستیەکان.

## 16. ڕۆڵی بەرپرسانی پەروەردە بۆ ڕێگریکردن لەبەکارهێنانی مەلزەمە

هەمو ئەوانەی لەم ڕاپۆرتە قسەیان کردوە بە مامۆستا و بەرێوبەری ناوەندەکان و سەرپەرشتیارانەوە، دەڵێن دەبێت کاری جدی بکرێت، هاوشێوەی ئەوان بەرپرسانی پەروەردەش داوای کاری جدی دەکەن.

بەرپرسانی پەروەردە باس لەوەدەکەن هەرچەندە بەکارهێنانی مەلزەمە لە ناوەندەکانی خوێندن قەدەغە بکرێت و بەکار نەهێنرێت سودێکی ئەوتۆی نابێت، چونکە فێرخواز لە دەرەوەی ناوەندەکان بەکاری دەهێنێت، بۆ چارەسەری ئەم گرفتەش پێویستە وەزارەت کاری جدی لەسەربکات و بەفەرمانێک چ لەناوەندەکان چ لەچاپەمەنیەکان نەهێڵدرێت.

عەدالەت لەتیف عوبێد، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، سەبارەت بە بەکارهێنانی مەلزەمە لە ناوەندەکانی خوێندن، دەڵێت: "فەرمانی وزاری هەیە بۆ قەدەغەکردنی مەلزەمە و گشتاندنیشمان کردوە بۆ ناوەندەکانی خوێندن نە مامۆستایان نە فێرخوازان لە ناوەندەکان مەلزەمە بەکارنەهێنن و داواش لە فێرخواز نەکەن، بۆ ئەمەش بەڕێوبەری ناوەندەکان و سەرپەرشتیارانمان ڕاسپاردوە بە چاودێریکردنی مامۆستایان و فێرخوازان کە بەکاری نەهێنن هەر کەسێکیش پابەندنەبێت سزا دەدرێت.

وتیشی: لابردنی مەلزەمە پێویستی بە بڕیارێکی وەزارەت هەیە کە هەر مامۆستایەک مەلزەمەی دروست کرد و فرۆشتیەوە سزا بدرێت، هەر چاپەمەنیەکیش بیفرۆشێتەوە لیپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت، ئەوەی ئێستا لە دەستی ئێمەیە کە زۆر لە فێرخواز نەکرێت بۆ بەکارهێنانی و لە ناوەندەکانیش قەدەغەیە، بەڵام لەماڵەوەش بەکاری دەهێنن لێی بەرپرس نین.

لە هەمان کاتدا، بەڕێوبەری پەروەردی کفری، ئیسماعیل سەمین، باس لەوەدەکات: "بەکارهێنانی مەلزەمە بوە بەدیاردە و بە ئاسانی چارەسەر ناکرێت، چونکە مامۆستایان و فێرخوازان پەنایان بۆ بردوە و بەکاری دەهێنن، بەتایبەت لە ئێستادا کە تاقیکردنەوەکان بوە بە هەڵبژاردن، ئەمەش وایکردوە مەلزەمە دەورێکی باشی هەبێت".

وتیشی: لەگەڵ سەرپەرشتیاران و مامۆستایان کۆبونەوەمان کردوە کە لە ناوەندەکان بەکارهێنانی قەدەغەیە و مامۆستایان نە بەکاری بهێنن نە دروستی بکەن بۆ فێرخواز نە داواشیان لێبکەن.

ئەوەشی وت: هەندێک مامۆستا هەیە پرسیارەکانی لەسەر مەلزەمە ئەهێنێتەوە لە کاتێکدا هی خۆشی نیە.

ئاماژەی بەوەشکرد: بنبڕکردنی مەلزەمە بە دو رێگا دەبێت، یەکەم: پێویستە حکومەت بڕیارێک بدات هەرکەسێک مەلزەمە بفرۆشێتەوە و چاپی بکات سزای بدات، دوەم: هەر مامۆستایەک دروستی بکات و چاپی بکات ئەوە سیستەمی پەروەردە سزای بدات.

لە بەرامبەریشدا بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، دارا ئەحمەد سەمین، لە بارەی ئەوەی چیان کردوە بۆ نەهێشتنی مەلزەمە لە ناوەندەکانی خوێندن، رونیکردەوە: "قەدەغەکردنی مەلزەمە لە ناوەندەکانی خوێندن و دەرەوەش دەقێکی  یاسایی نیە کە بەیەکجاری نەهێڵدرێت، ئەوەشی کە کردومانە هەوڵمان داوە لە ناوەندەکانی خوێندن نەمێنێت بە نوسراوی فەرمی گشتاندنمان کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەکاردەهێنرێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە چاودێری نیە لەسەر چاپەمەنیەکان و مامۆستایانیش دروستی دەکەن".

وتیشی: ئەگەرچی هەمو کات لە کۆبونەوەکانی وەزارەت باسی لێوەدەکرێت، بەڵام هیچ یاسایەک نیە، بۆیە پێویستە لە پەرلەمانەوە یاسایەکی بۆ دەربکرێت و سزاکەشی دیاری بکرێت چ مادی بێت یان مەعنەوی، بۆ ئەوەی بەیەکجاری بنبڕبکرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد: لە ماوەی ساڵانی پێشوتر فەرمانێکی وزاری هات کە لە ناوەندەکان بەکارهێنانی مەلزەمە قەدەغە بکرێت، ئەوەبو لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش بڕێکی زۆر مەلزەمەمان سوتاند و لەناومان برد، بەڵا مامۆستایان هەر بەردەوامن و دروستی دەکەن بە بێباکانە.

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

1. مەلزەمە بوارێکە کە هیچ یاسایەک پشتگیریی ناکات، وەزارەتی پەروەردە قەدەغەی کردوە و هیچ دەقێکی فەرمیی نیە پشتگیریی بکات، کەچی تادێت برەو پەیدا دەکات و جێگەی بە پرۆگرامەکان لێژ کردوە، کەوایا دەبێت وەزارەت خەمی جیدیی بۆ بخوات و هەوڵ بدات ورد تر لە هۆکارەکانی پشتبەستن بە مەلزەمە لەلایەن فێرخوازان و مامۆستایانەوە بکۆڵێتەوە.

2. ئەم بوارە وەکو بزنس و بازرگانییەکی لێهاتوە بەنیسبەت هەندێک لە مامۆستایان و پەڕاوگە و چاپەمەنیەکانەوە، هەر ئەوانیش هۆکاری ئەم برەوەن کە هەیەتی، بەتایبەتی هەندێک لە مامۆستایان فێرخوازانیان ناچار دەکەن بە کڕینی مەلزەمە.

3. پێویستە وەزارەتی پەروەردە خۆی یەکلایی بکاتەوە، ئایا مەلزەمە قەدەغەیە یان نا؟ ئەگەر قەدەغەیە رێگە بە هیچ کەناڵێک نەدات بۆ دروستکردن و فرۆشتنی مەلزەمە و لە بنەڕەتەوە کۆتایی بە "دیاردەکە" بهێنێت.

4. لەم قەیرانی داراییە و لێکەوتەکانی، مەلزەمە هێندەی تر کاریگەری خراپی بەسەر بژێویی خێزانەکانەوە هەبوە، ئەمەش لە راپۆرتەکەماندا بە وردی رونکراوەتەوە. دەبێت خەمێک لەم خەرجیە زۆرە بخورێت کە خێزانەکان بۆ کڕینی مەلزەمەی منداڵەکانیان دەیکەن.

5. هەندێک لە بەرپرسانی پەروەردە باس لەوەدەکەن کە مەلزەمە بەپێی رێنمایی قەدەغەکراوە نەک یاسا و لەو روەوە بۆشاییەکی یاسایی هەیە، بۆیە پێویستە چ بەیاسایەکی تایبەت و چ لە برگە و مادەکانی یاسای وەزارەتی پەروەردە، برگەی تایبەت بە قەدەغەکردنی ئەم بوارە هەبێت ئەگەر وەزارەت نیازی کۆتاییهێنانی بەم "دیاردەیە" هەیە.

6. فێرخوازان باس لەوەدەکەن کە پرۆگرامەکانیان پێتەواو ناکرێت بەوهۆیەی کاتیان کەمە، ئەمەش ناچاریان دەکات پشت بە مەلزەمە ببەستن، پێویستە وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، لەمبارەوە وردتر بەدواداچون بکەن و دڵنیاببنەوە لەوەی ئایا بۆچی پرۆگرام تەواو ناکرێت و بۆچی کاتی پێویست لەبەردەستدا نییە؟ بۆئەوەی لەژێر رۆشنایی ئەوەدا پرۆگرامەکان کورت بکەنەوە یان رێکی بخەنەوە.

7. هەرچەندە پەروەردە پرۆگرام و کتێبی تایبەتی بە هەر قۆناغێکی داناوە و پێویستە مامۆستا و فێرخواز پێوەی پابەندبن، بەڵام ئەوەی ئێستا لە زۆربەی ناوەندەکان تەرکیزی فێرخوازی بردوە و پشتی پێدەبەستێت کتێب نیە، بەڵکو مەلزەمەیە، بۆ ئەمەش پێویستە وەزارەت ڕێگە چارەی هەبێت کە مەلزەمە نەهێڵدرێت.

8. هەندێک لە مامۆستا و بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن دەڵێن ئەگەرچی مەلزەمەیان لە ناوەندەکەیان قەدەغە کردوە، بەڵام دەرەقەتی فێرخوازان نایەن ئەگەر لە ماڵەوە بەکاری بهێنن، چونکە هەمو جۆر و تایپێکی مەلزەمە لە پەڕاوگە و چاپەمەنیەکاندا هەیە بەبێ هیچ سانسۆر و لێپرسینەوەیەک، لەم ڕوەشەوە هەستدەکرێت هیچ چاودێریەک لەسەر چاپەمەنی و پەڕاوگەکان نییە بۆ چاپکردنی مەلزەمە، بۆیە پێویستە پەروەردە خەمێکی ئەم بوارە بخوات و لیژنەی چاودێریی هەبێت.

9. ڕۆڵی سەرپەرشتیاران لەچاودێرییکردنی ئەم بوارەدا سنورداره، پاساوی سەرپەرشتیاران ئەوەیە کە بە بەردەوامی ناتوانن ناوەندەکان بەسەر بکەنەوە و لە نزیکەوە چاودێریی بەکارهێنانی مەلزەمە بکەن لەلایەن مامۆستایانەوە. دەبێت ئەم ڕۆڵەش کارا بکرێتەوە.

10. ڕۆڵی پەروەردەکان لە چاودێریکردنی ئەم بوارە سنورداره، پێویستە پێداچونەوەیەک بەو ڕۆڵەدا بکرێت و پەروەردەکان بتوانن لیژنەی تایبەتمەندی چاودێریی پێکبهێنن و وردتر بەدواداچون بۆ بەکارهێنانی مەلزەمە لە ناوەندەکان دا بکەن.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
2. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
3. ڕێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

07702303676 - 07480207400

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org